www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خراپ بەکارهێنانی دیجیتاڵ ... کارۆخ فەهمی

گومانی تیانیەئێستا دیجیتاڵ وئامێرە ئەلیکترۆنیەکان پێشکەوتنێکی بەر چاویان بە خۆیانەوە بینیوە، لەزۆربەی هەرە زۆری وولآتانی جیهاندا ئامادەگیان هەیە، خزمەتێکی بەرچاوی مرۆڤایەتیان کردووەو ئەکەن، تاڕادەیەکی باش ئەرکی مرۆڤیان سانا کردوە ڕۆلێکی کارا ئەگێرن لە مێژووی بەشەریەتدا، ئێمەش یەکێکین لەو سەدەها وڵاتەی کە بەشدارین لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە پێشکەوتوانەدا، سودمان لە ئامێرەکانی چەشنی مۆبایل وکۆمپیوتەرەو ئەنتەر نێت و هۆکارەکانی تری گواستنەوەو خزمەتگوزاریەکانی سەردەم وەرگرتوە، تاڕادەیەکی باش بەڕوی دونیای دەرەوە دا کراوینەتەوە، بەڵام ئەوی جێگەی تێڕامانە خراپ بەکارهێنی ئەو ئامێرانەیەلە فەزای کلتوری ئێمەدا کە جیهانگیر ی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، کەزۆر جار دبێتە هۆی جۆرێك لەپشێوی نانەوەو سەر لێ شێوان و تراژیدیای گەورە، تێنەگەیشتن لەو ئامێرە دیجیتاڵیانە تێنە گەیشتنە لە جیهانی دەرەوە. خراپ بەکارهێنانیان هەڵەیەکی مەعریفی گەورە یە و دواجار سود وەرنەگرتن و بەدحاڵیبونە لەماناکانی شارستانیەت، (بڵاوبونەوەی فیلمی سێکسی کوردی) بەسود وەرگرتن لە مۆبایل وئەو قسەناشیرینانەی کە ڕۆژانە لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەنێت بەیەکتری و کەسایەتیەناوداروکەسوکاری یەکتری ئەڵێن، شایەتحاڵی ئەوەن ئێمە سودێکلی ئەوتۆمان لەو ئامێرە خزمەت گوزاریانە وەر نەگرتوە. ئەم کردەوانە پێمان ئەڵێن کە ئێمە تەنها دیوە خراپ و نێگەتیڤەکانیمان بەکارهێناوە، ئیشمان لەسەر دیوە ناشیرینەکەی دیجیتاڵ کردوە نەك دیوە جوان و ڕاستەقینەکەی، نەمان توانیوە بە شێوەیەکی ڕاست ودروست بەکاریان بهێنین، نەمانتوانیوە وەك پێداویستیەکی ژیانی بەکاری بهێنین کەلەگەڵ ڕەوتی شەپۆلە گەورەکانی شارستانیەت ئێمەش لەگەڵیا هەنگاوی خێرا بنێین وفریای تازەترین داهێنانی ئەلیکترۆنیان بکەوین ومەشق لەسەر چۆنیەتی فێربونیان بکەین، هێنا ئارای ئەو ئامێرانە سودێکی گەورەیان بەئینسانی مۆدێرن گەیاندوە، تۆلەیەککاتدا ئەتوانیت لە هەولێرە لە ستۆکهۆلمیش بیت، لە قوشتەپەو لە نیۆیۆرکیش بیت، ڕەنگت لە کۆڵانێکی سلێمانی و دەنگت لە باڵەخانەیەکی مۆسکۆ ببیسترێت، لەماڵەکەی خۆتەوە دانیشیت و ئەوساروخانەش ببینیت کە ئیسرائیل و خزب للە لەیەکتری ئەگرن، ئەمە دیوە گەشەکەی ئامێردیجیتاڵیەکان وقۆناغی مۆدێرنەیە، ئەمە سودە گەورەکەو دیوە جوانەکەی جیهانگیریە.

کارەسات ئەودەمەیە کە لەماناکانی ئەو خزمەتگوزاریانە نەگەیت وبەهەڵە بەکاریان بهێنیت. کارەسات ئەودەمەیە کەئینسان تەنها دیوەناشیرینەکەی بەدی کات و وردی کاتەوە بۆ مەرامە دزێوەکانی خۆی، ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا ئامادەیە بەداخەوە دیوەناشیرینەکەیەتی، کۆپیە کی ناشیرینی ئەو مۆدێلە یە کە تێگەیشتن لێی بەڕای من زۆری ئەوێ، هەڵ کردن لەتەك ئەو ئامێرانە پێویستی بەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە تاتوشی ئەو جۆرە هەڵانە نەبیت کە بەم دواییە بینیمان، تەنها سەردانێکت بۆ (چات رووم) ەکانی کوردی بەسە تالەوە حاڵی بیت ئێمە لەچ دۆخێکی ئەخلاقیدا ئەژین، تێ ئەگەیت کەتەنها دیوە دزێوەکەی ئەم دەریای زانیاریە بەئێمە گەیشتوە، بێزارکردنی خەڵك بەمۆبایل و کردنەوەی سایتە سێکسیەکان پێمان ئەڵێن کە ئێمە توشی چ نوشستیەکی گەورە بوین لەئاست ئەم تەکنیکە پێشکەوتوانە، کەم نین ئەو کچانەی بەهۆی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانەوە لەلایەن باوك وبراکانیانەوە نەکوژرێن، ئاخر سەتالایت ومۆبایل وئەنتەرنێت و ئامێرەکانی تر چۆن خزمەتت پێ ئەگەیەنن ئاواش ئەتوانن بتشکێنن، چۆن ئەتوانن ئا شنات بکەن بەدنیای دەرەوەو کەسایەتیەکی تایبەتیت پێ ببەخشن، ئاواش ئەتوانن ڕیسواو مەحکوم بەمەرگت بکەن! بڵاوبونەی چەند گرتەیەك لەفیلمی سێکسی بە مۆبایل و گۆڕینەوەی کۆدو (تردد) ی کەناڵە سێکسیەکان و (سیدی) لەسەر هەمان

نەزم لە قوتابخانەو فەرمانگەو چایخانەکاندا... و دوبارە لەسەر تۆرەکانی ئەنتەرنێتدا گەڕان بەدوای وێنەیەکی ئیرۆتیکی، پێمان ئەلێ کە ئێمە نەمانتوانیەوە وەك پێویست سود لەم تەکنیکە سەردەمیانە وەر بگرین و بەڕەگە قوڵەکانیدا ڕۆبچین وخوێندنەوەیەکی لۆژیکی بۆبکەین.

مێژوو شایەتی ئەوەیە کە زۆرێك لە پیاوەدەسەڵات دارەکان کە بەشێوەیەکی خراپ دەسەڵاتیان بەکار هێناوە وخەڵکی بێگوناهیان چەوساندۆتەوەو وایانزانیوە تەنها خۆیان هەن لەسەر ئەم ئەستێریەوباهاکانی دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنیان خستۆتە ژێرپێیانەوە، ، نازیزم فاشیزم و بەعسیزم نمونەیەکی زیندو بەرچاوی ئێمەیە کەهەر یەك لەسەرکرەی ئەم سیستمانە بەشێوەیەکی خراپ دەسەڵاتیان بەکار هێناوە، دواییش ئەم بەهەڵە بەکار هێنانە توشی جۆرێك لە کەوتن ونوشستی گەورەی کردون کە هەموو مێژوی مرۆڤایەتی بەنەفرەتیان ئەکات، ئاخر چۆن دەسەڵات توانای سەرکوت کردن و چەوساندنەوەو زەبرو زەنگ و گشت وبڕی هەیە، وەك چۆك هەڵگری دیدێکی مەرگ دۆست وڕەشبینە، بەهەمان شێوە لەتوانای داهەیە داد پەرەوەرو لەسەر خۆو یەکسانی خواز بێ، دیوێکەی تری دەسەڵات ژیاندۆست وگەشبینیە. وەك فۆکۆ ئەڵێ (لەخۆشەویستی وجنسیشدا دەسەڵات هەیە)، ئەوان دەسەڵاتیان لە بەر دەست دا بوە بەڵام تەنها ئەو دیوەیان بینیوە کە بۆ کوشت وبڕ بەکەڵك دێت نەك ڕووە ژیان دۆست و یەکسانی خوازەکەی دەسەڵات، وەك دەبینین هەروحاڵەتەکە تاڕادەیەکی ترسناك لەیەکدی ئەچن هەردو حاڵەتەکە لەخاڵێکدا هاوبەشن ئەویش (خراپ بەکارهێنانی ئامرازە) لەهەردو بارەکەدا بەد حاڵیبون هەیەبەرامبەر پێدراوەکان، کەواتە ئێمە ناتوانین تاکە شوناس و تاکە پێناسەیەك نەبۆ دەسەڵات ونەبۆ دەهاویشتەکانی شارستانیەت بکەین، هەریەکێك لەمانە زیاد لەدەمو چاوێکیان هەیە، بەداخەوە ئەوەی لە واقیعی وولاتی ئێمەدا ئامادەیە نیشانەی بەدحاڵیبونێکی قوڵە لەدەرەنجامەکانی مۆدێرنەو دنیای دەرەوە، تائێستا نەمانتوانیوە وەکو خۆی مەبەستە سەرەکیەکانی ئامێرە دیجیتاڵیەکان بەکار بهێنین، لە وولاتی ئێمە مۆبایل لەبری ئەوەی ببێت ڕەمزێك بۆ خۆشەویستی وژیان وەسیلەیەك بێت بۆ پەیوەندی کردن بە هاوڕێ و ئازیزانمان، ئەبێت بە سومبولی مەرگ و تراژیدیا گەورەکان، ئەبێت بە هۆکارێك بۆ لەناو بردنی ئینسان!

بەڕای من ئەوەی وا ئەکات ئێمە بەم جۆرە لە دیجیتاڵ بڕوانین کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی وکلتوری گەورەن، ڕەنگە دواکەوتویی کۆمەڵگای کلتوری کوردی هۆکاری هەرە سەرەکی بێت کاتێك بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو بەڕوی ئەم تەکنیکە پێشکەوتوانەدا ئەتەقێتەوە، بەر لەهاتنی ئەم ئامێرانە نوخبەیەکی زۆر کەم نەبێت بەکاری نەهێنا بوو. ئەوەی وائەکات هاوولاتی ئێمە نەچێتە ئەو سەنتەرانەی کە کابینە و ژووری داخراویان نیە!ئەوبیرکردنەوەیەیە لە ڕەگەکانی لەڕابردویەکی زۆر دوردایە، کە دەرباز بون لێی گەر مەحاڵ نەبێ ئەوا زۆر ئەستەمە، جێگای شاردنەوە نیە زۆرێك لە پیاوان بیرکردنەوەو خەسڵەتە تایبەتیەکانی لەگەڵ ئامێرەکانی بەردەستی زۆر لەیەکترییەوە دوورن، وائەزانن تەنها نێر بۆی هەیە ئەم تەکنیکانە بەکار بەرێت، ناکرێ تۆ خۆت بەو ئینسانە مۆدێرنە بزانیت و ڕێگر بیت لەبەر دەم خۆشکت یاکچەکەت بۆ بەکار هێنانیان، بەڕای من دواجار ئەوەی وا ئەکات ئینسانی کوردی دەستە پاچە بێت لەئاست دیجیتاڵ، گۆڕانکاری خێرای وێنەکانە، واتە هەرس نەکردنی ئەم تەرزە بیر کردنەوەیە کە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تاکی کوردی فڕێدراوەتە ناو کۆمەڵێك ئامێرەوە کەهەڵکردن وتێگەیشتن لێی زۆری ئەوێ.